# ڕێساکانی نیشتەجێبوون لە ئێسپۆن کرۆونو
## (تاقە خانووکان وە ڕیزە خانووەکان)

ئەم ڕێسایانە دانراون بۆ مەبەستی دابینکردنی خۆشگوزەرانی ژیانی دانیشتوانی خانووەکە و هێمنی خانووەکە. هەمووان دەبێ بە هەڵسوکەوتەکانیان تێبینی دانیشتوانەکانی تری خانووەکە بکەن. هەروەها دانیشتوانەکان دەبێ ئاگاداری ئەوەبن، کە میوانەکانیشیان پەیڕەوی ڕێساکان بکەن.

### ڕاگەیاندنی گواستنەوە

بەپێی یاسا گواستنەوە بۆ خانوەکە یان دەرچوون لێی دەبێت هەمیشە ڕابگەێنرێت بە فەرمانبەرایەتی تۆمارکردنی دانیشتوان (مایستراتی) وە بە بەشی خزمەتکردن بە دانیشتوان لە کۆمپانیای خانووەکان بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی کارگێڕی ناوخۆی ئێسپۆن کرۆونو.

### شوێنە هاوبەشەکان

دەرگاکانی شوێنە هاوبەشەکان دەبێ داخراوبن لە کاتژمێر 21 بۆ 7 وە لەدوای بەکارهێنانیان دەبێت ئاگاداری ئەوەبیت کە دابخرێنەوە. لە شوێنە هاوبەشەکان جگەرەکێشان وە لەوێبوون بەبێ هوودە قەدەغەیە. سەرەڕێکانی چوونەدەرەوە و هاتووچۆکردن لە شوێنە هاوبەشەکان و ناوچەکانی دەرەوە دەبێ بە پاکوتەمیزی وە بە چۆڵی ڕابگیرێن. لە بەر هۆکارەکانی پاراستن لە ئاگرکەوتنەوە کەلوپەلەکان تەنها لەو شوێنانەدا هەڵدەگیرێن کە بۆیان تەرخانکراون. تەنها بە مۆڵەتی کۆمپانیای خانووەکان ڕێگە دەدرێت بە هەڵواسینی تابلۆی ناو، ڕیکلام وە دانانی سەتەلایت.

### ژوورەکانی جلشتن

کاتی بەکارهێنانی ژووری جلشتن لە کاتژمێر 9 بۆ 21 بەپێی لیستی کاتگرتن بۆ جلشتن. لە دوای تەوابوونی جلشتن دەبێت ژووری جلشتن بە پاکوتەمیزی بەجێبهێڵیت وە ئاگاداربیت کە تەزوی کارەبی جلشۆرەکان بکوژێنیتەوە لە دوای بەکارهێنانیان. شتنی فەرش لە ئامێرەکانی جلشتندا قەدەغەیە. دەبێت دەست وبرد جلەکان لە دوای وشکبوونەوەیان کۆبکرێنەوە وە ببرێنە دەرەوە لە ژووری جلشتن.

### زبلّ فڕێدان

زبڵی پاشەڕۆی ماڵ و زبڵی تر بە پێچراوەیی دەبرێن بۆ زبڵدانەکان بەرەچاوکردنی ئەو ڕێنماییانەی کە هەن لەبارەی جیاکردنەوەی جۆری زبڵەکان. بێجگە لە زبڵی پاشەڕۆی ماڵ، هەندێ کەلوپەلی ناوماڵ کە بۆ فڕێدانە بۆ نموونە (موبێلەی ماڵ) ئەرکی دانیشتوان خۆیەتی، کە بیان گوێزێتەوە و فڕێیان بدات. ئەو زبڵانەی کە مەترسی گیروگرفت لێکەوتنەوەیان هەیە وەک شووشە، پیل، ئامرازی ئەلکترۆنی و شتی تر لەم بابەتانە دەبرێن بۆ ئەو شوێنانەی کە بەڕێوبەرایەتی کاری هاوبەش بۆ خزمەتکردنی پایتەخت و دەوروبەری(YTV) تەرخانیکردوون.

### شوێنەکانی ڕاگرتنی ئوتومبیل

تەنها لەو شوێنانەدا دەتوانرێت ئوتومبیل ڕابگیرێت کە بۆیان دەستنیشانکراوە و بۆیان گیراوە. ئیشپێکردنی ئوتومبیل لەسەر بۆش و بەجێهێشتنی قەدەغەیە. بەجێهێشتنی ئوتومبیلی سکراب و پارچەی ئوتومبیل لە پارکیرەکان ئەبێتە هۆی ئەوەی، کە خاوەنەکەی بەرپرسیاربێت لە دانی پارەکەی.

### خانووەکانی باڵەخانە

هەڵسوکەوتکردن بە شێوەیەک کە دراوسێکان بێزار بکات قەدەغەیە. لە کاتژمێر 22 بۆ 7 دەبێت هێمنی بدرێت بە دراوسێکان بۆ نووستن. دەبێت پێشتر ئاگەداری ڕابگەیەنرێت لە بارەی ئەو کاری چاکردنەوانەی کە بە مۆڵەتی کۆمپانیای خانووەکان دەیکەیت وە دەبێتە هۆی بێزارکردن و دەنگەدەنگ، وە دەبێت هەوڵبدرێت، کە ئەم کارانە ڕۆژانی کار پێش کاتژمێر 21 ئەنجام بدرێن. دەبێت بە گرنگیەوە خزمەتی خانووەکەت بکەیت. دەبێت دەستوبرد بە کۆمپانیای خانووەکان بەشی چاکردنەوە ڕابگەێنیت لە بارەی زەرەرکەوتنەوە بە هۆی دڵۆپەکردنی ئاوەوە یان خراپوونی هەچ شتێکی تر چ لە خانووەکەی خۆتدا یان لە شوێنە هاوبەشەکاندا. نابێت زبڵ فڕێبدرێتە تەوالێتەکان و ئاوەڕۆکانەوە، چوونکە دەبێتە هۆی گیران و زەرەرپێگەیاندنیان.

### حەوشەکانی خانووەکان

دانیشتوان خۆی بەرپرسیارە لە پاکردنەوەی حەوشەی بەردەم خانووەکەی خۆی و خزمەتکردنی گەڵاوگوڵەکانی و لابردنی بەفر لێی.

### تەکاندن

فەرش و جێگە تەنها لەو شوێنانەدا دەتوانرێن بتەکێنرێن کە بۆیان تەرخانکراون لە ڕۆژانی دووشەممان بۆ هەینی لە کاتژمێر 8 بۆ 20 وە لە ڕۆژانی شەممان لە کاتژمێر 8 بۆ 18، لە ڕۆژە پیرۆزەکاندا قەدەغەیە. هەروەها لە حەوشەی خانووەکە خۆیدا دەتوانرێت سەرچەفەکان بدرێنە بەر هەوا یان پارچە جلی بچووکی شۆراو وشکبکرێنەوە.

### ئاژەڵە ماڵیەکان

لە دەرەوەی خانووەکان دەبێ ئاژەڵەکان بەستراوەبن وە نابێ بەرەڵابکرێن وە هەروەها نابێ ببنە هۆی بێزارکردنی دانیشتوانەکانی تری خانووەکە.
بردنەدەرەوەی ئاژەڵەکان بۆ حەوشە بۆ ئەو شوێنانەی کە بۆ یاریکردنی منداڵان تەرخانکراون یان بۆ نزیک ئەو شوێنانە قەدەغەیە.

### سەرپێچیکردنی لە ڕێساکان

سەرپێچیکردن لە ڕێساکانی نیشتەجێبوون دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەرپرسیاربیت لە بژاردنەوەی زەرەرەکان، کۆتایی هێنان بە مافی ژیان لەو خانووەدا و هەروەها هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی خانووەکە